# ئاوڕدانەوە لە (١٠) کتێبی بواری ئەدەبی منداڵان

ڕۆستەم خامۆش

عوسـمان محەمـەد هەورامـی، ناوێکـی دیـار و ناسـراوی نێـو وێـژەی کوردییـە، بـە تایبەتـی لـە بـواری ئەدەبـی منداڵاندا جێدەستی دیارە و دڵـی هـەزاران منداڵـی کـوردی ئاسـوودە کـردووە و لـە ڕێـی هۆنراوەکانییـەوە خەنـدەی خسـتووەتە سـەر لێـوی منـداڵان. بەشـێک لـە شـیعرەکانی کـراون بـە گۆرانـی و کەوتوونەتـە سـەر زاری زارۆکان. چەنـدان ئۆپەرێتـی بـۆ منـداڵان نووسـیوە و لـە زۆربـەی کتێبەکانیـدا دەبینرێـن. لـە مـاوەی (٨٠) سـاڵی تەمەنیـدا، کۆمەڵێـک کتێبـی پێشـکەش بـە کتێبخانـەی کـوردی کـرد و خەرمانـی وێـژەی کوردیـی دەوڵەمەندتـر کـرد.

لـەم ئاوڕدانەوەیـەدا، (١٠) کتێـب و نامیلکـەی «م. عوسـمان محەمـەد هەورامـی» لـە بـواری ئەدەبـی منـداڵان بەسـەر دەکەینـەوە.

**یەکەم: کتێبی (مافە گەشەکانم):**

ئـەم کتێبـە لـە سـاڵی (٢٠٠٣) چـاپ کـراوە و (٤٤) لاپەڕەیـە، (٤٠) هۆنـراوەی پەروەردەیـی لـە خۆگرتـووە، (٣٨) هۆنـراوە بـە زاراوەی سـۆرانی و دوو هۆنراوەشـی بـە زاراوەی هەورامـی تێدایـە بەناوەکانـی: (بابانـۆروز، پلوورەوارانـی). عوسـمان محەمـەد هەورامـی، چونکـە مـاوەی (٤٧) سـاڵ، وەک پیشـە مامۆسـتا بـووە، بۆیـە پـەروەردە و فێرکـردن لای ئـەو لـە پێشـەوەی هەمـوو بوارەکانـی

دیکەوە بووە، پێی وابووە لە ڕێی هۆنراوەی پەروەردەییەوە دەتوانێت خزمەتی زیاتری زارۆکانی کورد بکات، هەر لەبەر ئەو مەبەستە، لە زۆربەی بەرگی کتێبەکانیدا نووسیویەتی: هۆنراوەی پەروردەیی.


لە هۆنراوەیەکیدا بەناوونیشانی: (لالەزاری پۆل)، کە (هەژدە ساڵ و سێسەد و پەنجا و سێ ڕۆژ) پێش کۆچی دوایی، نووسیویەتی، لەم هۆنراوەیەدا دەیەوێ جوانی و خۆشی و ڕازاوەیی پۆل نیشانی منداڵان بدات و پێیان بڵێت، کام شوێن زۆر جوان و ڕازاوە و خۆشە، بەڵام هێشتا هەر پۆل لەوان جوانتر و گەشترە، ڕەنگاوڕەنگە و دەڵێیت گوڵ و گوڵزارە.

**(لالەزاری پۆل)**

**هەی لە گەشەی پۆلەکەم**
**پۆلە زۆر خەپۆلەکەم**
**کام لالەزار وەکوو ئەم**
**دوورە لە ترس و ستەم!**
**کام خەندەی ناو گوڵاڵان**
**جوانە وەک هی منالان!**
**کام گوڵزار و سەیرانگە**
**وەکوو ئەم ڕەنگاوڕەنگە!**
**پۆلەکەمان هەمیشە**
**گوڵ و گوڵزاری گەشە... ل (٤١)**

**دووەم: کتێبی (شنەی شادی):**

ئەم کتێبە لە ساڵی (٢٠٠٤) چاپ کراوە و (٢٢) لاپەڕەیە و (١٩) هۆنراوەی پەروەردەیی و هەمەجۆری ناسک و جوان و سادەی بۆ منداڵان لە خۆگرتووە، لە نێو شیعرەکانی «عوسمان محەمەد هەورامی»دا پەروەردە و فێرکردن پشکی زۆریان بەرکەوتووە، بۆیە لەم شیعرەدا بەناوونیشانی (مەڵبەندەکەمان)، گرنگیی خوێندن و پەروەردە و



**عوسمان محەمەد هەورامی**

زانست و هونەر دەردەکەوێت، هەر لەم شیعرەدا برایەتی و هاوڕێیەتی و هاوکاری و نرخ و بەهای کات نیشانی منداڵان دەدات.

**(مەڵبەندەکەمان)**

**بۆ درێژەدان بە خوێندن**
**ئاسۆ فراوانکردن**
**بۆ پەروەردەی ژینپەروەر**
**بۆ بەهرەی کار و هونەر**
**بۆ زانست و برایەتی**
**هاوکاری و ئاشنایەتی**
**لە مەڵبەندی منداڵان**
**ئێمەی گوڵ و هەڵاڵان**
**پیرۆزترین کاتی جوان**
**بە شادی بەسەر ئەبەین**
**تین بە گەشەی نوێ ئەدەین... ل (٢٢)**

**سێیەم: کتێبی (خونچە گوڵ):**

ئەم کتێبە (٤٧) لاپەڕەیە و دوو جار چاپ

کراوە، جاری یەکەم ساڵی (٢٠٠٠)، جاری دووەم لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بە تیراژی (١٠٠٠) دانە چاپ کراوەتەوە و لێی نووسراوە هۆنراوەی پەروەردەیی.

لەم کتێبەدا (٤٣) هۆنراوەی پەروەردەیی وشە ناسک و پەیامداری لە خۆگرتووە و بوونەتە خەرمانێک بۆ دەوڵەمەندکردنی ژانری شیعری منداڵان، لەوانە سێ هۆنراوەی بەناوەکانی: (مین، سەرچەمە، وەرلە) بەزاراوەی هەورامی نووسیون.

وەک دیارە «عوسمان محەمەد هەورامی» لەبارەی زۆر شتەوە هۆنراوەی بۆ منداڵان نووسیوە، یەکێک لە هۆنراوە جوانەکانی لەبارەی چۆلەکەیە، کە هەموو دەزانین باڵندەی چۆلەکە لەگەڵ نەمانی کاتی تاریکایی شەو و نزیک بوونەوە لە دەرکەوتنی تیشکی خۆر، ئەوانیش لە هێلانەکانیان دێنە دەرەوە و دەست بە جریوە جریو دەکەن و دەبنە شادیی بەخشی بەیان و ئاوازی خۆش دەبەخشن و پێمان دەڵێن هەڵسن لە خەو.

ئەوەندەی سەرنجم دابێت و لێی تێگەیشتبم، چۆلەکە لەو شوێنەدا دەژی، کە مرۆڤی لێیە، ڕەنگە ئەوەش پێوەندی بەوەوە هەبێ کە مرۆڤ ئەو بەشە خواردنەی، کە لێی زیاد دەبێت، دەبێتە خۆراکی چۆلەکە و ئەوانی تر.

**(جریوەی شادی)**
**هەی چۆلەکەی بەیانی**
**شادیهێنەری، جوانی**
**هاودەمی ئاسۆی ڕوونی**
**جریوەی بەختیاری و بوونی**
**سۆزی دیدەی گزنگی**
**ڕادەری شەوەزەنگی**
**هاوڕازی گیان و هەستی**
**بەختەوەر و سەربەستی**
**دەی بە کوڵ بۆم بخوێنە**
**مژدەی ژینی نوێ بێنە**
**هەردووکمان ڕاست و ڕەوان**
**بخوێنین بۆ نیشتمان... ل (٢٨)**

**چوارەم: کتێبی (لالەزار):**

ئەم کتێبە (٣١) لاپەڕەیە و (٢٦) هۆنراوەی پەروەردەیی لە خۆگرتووە، بە ژمارە (٢٠) لەلایەن (زنجیرە کتێبی منداڵان)ی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵی (٢٠٠٧) چاپ کراوە. لە لاپەڕە (١٣)دا هۆنراوەیەکی بە زاراوەی هەورامی تێدایە، سێ ئۆپەرێتی بەناوی: (گوڵ و میوە، ئاهەنگی سروشت، مەڵبەندی شادی) تێدا جێ کراوەتەوە.

کاتێک وەرزی خوێندن کۆتایی دێت و قوتابییان لێک دادەبڕێن، منداڵان لە ماوەی وەرزی هاویندا پشوودەدەن و زیاتر لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و برایان، خەریکی یاری و گەشت و سەفەر و گەڕان دەبن، بەشێکی هەرەزۆری منداڵان بیری هاوڕێ و هاوپۆل و مامۆستاکانیان دەکەن، بەڵام کاتێک وەرزی پشووی هاوین کۆتایی دێت و وەرزی نوێی خوێندن دەست پێ دەکات، منداڵان بە گەشبینی و بە دەمی پڕ خەندە و پێکەنین دەچنەوە بۆ قوتابخانە، کە بەڕاستی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشە.

**(ساباتی قوتابخانە)**
**هاوین لەیەک دابڕاین**
**ئێستا کۆدەبینەوە**
**هەمیشە خوشک و براین**
**دیسان یەکدەگرینەوە..**
**(پەروەردەی گەش و خوێندن)**
**دروشمی هەموومانن**

**بۆ ڕێز و گەشەکردن**
**هەردەم لەسەر زارمانن..**
**ساباتی قوتابخانە**
**مەزنترین ساباتە**
**سایەی پشتاوپشتمانە**
**پیرۆزترین خەڵاتە... ل (٢٢)**

**پێنجەم: کتێبی (گوڵبژێرێک هۆنراوەی پەروەردەیی بۆ باخچەکانی ساوایان):**

ئەم کتێبە (٧٢) لاپەڕەیە و (٦٢) هۆنراوەی هەمەجۆر و هەمەبابەتی بە زمانی منداڵان لە خۆگرتووە، لە ساڵی (٢٠٠٨) لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپ کراوە و بڵاوبووەتەوە.

لە هۆنراوەیەکدا بەناوونیشانی (هونەرمەندم) گرنگیی دەنگ و ئاواز و وێنەکێشان دەخاتەڕوو.

**(هونەرمەندم)**
**هونەرمەندم**
**بەهرەمەندم**
**زۆر ئارام و ژیر و مەندم**
**ئەچریکێنم**
**خەمڕەوێنم**
**هەستی ناسک ئەبزوێنم،**
**کام ئاوازە**
**بەهرەی نازە**
**ئەیژەنم بۆ ژینی تازە،**
**بە دڵ و بە گیان**
**وێنەی جوان**
**ئەکێشم بۆ کورد و جیهان... ل (٥٦)**

**شەشەم: کتێبی (گوڵزاری پەروەردە):**

ئەم کتێبە بریتییە لە (٦٢) لاپەڕە و (٥٣) هۆنراوەی تێدا جێ کراوەتەوە، کە شەش لەوانە ئۆپەرێتن.

ساڵی (٢٠٠٩) بە تیراژی (١٠٠٠) دانە لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی لانەی منداڵانی کوردستان K.C.N چاپ کراوە.

لە هۆنراوەیەکیدا بەناوونیشانی (گوڵاو)، کە زۆر ناسک و جوانە، کۆمەڵێک پەیڤی ڕەنگاڵەیی تێدا دەبینرێت.

**(گوڵاو)**
**وەکوو سپێدەی بەیان**
**پێئەکەنم بۆ ژیان**
**وێنەی خونچە و هەڵاڵە**
**وەکوو گوڵ و گوڵاڵە**
**گیانم گەش و ڕازاوە**
**بۆنم عەتر و گوڵاوە**
**نەوای شمشاڵ و مەلم**
**خەندەی ئاسۆی سەرکەلم،**
**وەک بولبول و کەناری**
**ئەخوێنم بۆ بەختیاری... ل (١٠)**

**حەوتەم: کتێبی (ئاسۆی گەش):**

ئەم کتێبە (٤٦) لاپەڕەیە و (٢٥)ی هۆنراوەی پەروەردەیی لە خۆگرتووە، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بە تیراژی (١٠٠٠) دانە چاپ کراوە، کۆمەڵێک هۆنراوەی سادە و ئاسان و پڕ لە وشەی جوان و شیرین دەکەونە پێش چاوان.

منداڵان لە تەمەنی بچووکییەوە زۆر حەزیان لە یارییە و لە ئەنجامی یاریکردندا دڵخۆش دەبن، بۆیە وا باشە هەمووان بە گرنگییەوە لە یاریی منداڵان بڕوانین.

لە هۆنراوەیەکیدا بەناوونیشانی (یارییەکانم)، کە یارییەکانی، خەڵاتی دایە و بابە و کەسانی دیکەن.

**(یارییەکانم)**

یارییەکانم نەخشینن
هاوڕێی چاک و ڕەنگینن
خەڵاتی دایە و بابە و
کەسوکاری شیرینن..
کە هەنگاوی نوێ ئەنێم
ئافەرینی جوان ئەکڕێم
هۆشیار و بەختەوەرم
گەشەی سەردەمی نوێم..
هەمیشە دەم بەخەندەم
یاریی خۆش و جوان ئەکەم
سۆمای هەردوو چاوانم
شادیی دڵی هەمووانم.. ل (١٥)

**هەشتەم: کتێبی (چریکە):**

ئـەم کتێبـە (٥٦) لاپەڕەیـە و (٢٢) هۆنـراوەی تێـدا جـێ کراوەتـەوە، لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتیـی خانـەی سـمۆرە بـۆ ڕۆشـنبیریی منـداڵان، لـە سـاڵی (٢٠١٠) چـاپ کـراوە.

لـە هۆنراوەیەکیـدا بەناوونیشـانی (وڵاتـی جـوان)، کـە مەبەسـتی کوردسـتانە، دەیـەوێ (گوڵـزار و دار و میـوە و کانیـاو و دەشـت و چیـا و هەموو جوانییەکانی کوردسـتان، لـەو هۆنراوەیـەدا وەک تابلۆیـەک نیشـانی منـداڵان بـدات و پێیـان دەڵـێ وڵاتـە جوانەکەمـان کوردسـتانە.

**(وڵاتی جوان)**
ورشە و ئاوازی گوڵزار
دار و درەختی بەردار
میوەی بەتام و ڕەنگین
کانیاوی جوان و شیرین
دەشت و دۆڵ و چیا و چەم
هەموو جوانییەکان، سەرجەم
گەشە بە گیانمان ئەدەن
بەرەو شادیمان ئەبەن
وڵاتمان گەش و جوانە!
پیرۆزە، کوردستانە... ل (٤٠)

**نۆیەم: کتێبی (گەشە):**

ئـەم کتێبـە (٧٦) لاپەڕەیـە و (٢٨) هۆنـراوەی لـە خۆگرتـووە، کـە پێنـج لەوانـە ئۆپەرێتـن. لـە چاپخانـەی کوردسـتان، بـە تیـراژی (١٠٠٠) دانـە بـۆ جـاری دووەم لـە سـاڵی (٢٠١١) چـاپ کراوەتـەوە.

وەک دەزانیـن منـداڵان زۆر حەزیـان بـە بینینـی باڵنـدە و ئاژەڵـە، پێیـان خۆشـە قسـەیان لەگـەڵ بکـەن و وەک هاوڕێـی خۆیـان یارییـان لەگەڵـدا بکـەن.

لـە هۆنراوەیەکیـدا بەناوونیشـانی (کەروێشـکی مـن)، وەک هاوڕێیەکـی چاک و بێفرۆفێـڵ و ئێسـک سـووک و پاکـژ، بـە منداڵانـی دەناسـێنێ.

**(کەروێشکی من)**
ئەم کەروێشکە
هەروەکوو کۆرپەی ناو بێشکە
گەش و جوانە
ئێسکسووک و زۆر خەپانە،
گورجوگۆڵە
زۆر چالاکە
بێفرۆفێڵە
وەک هاوڕێکانم دڵپاکە..
بە هەڵبەز و بە قونەقون
بە کەیفەوە دێ بۆ لای من
یاریی ئەکەین
مژدەی خۆشی و شادی ئەدەین،
هاوڕێی چاک ئەم کەروێشکەیە
زۆر پاکژ و بێلەکەیە... ل (٤٤)

**دەیەم: کتێبی (خەندەی ژینگە):**

ئەم کتێبە (١١٠) لاپەڕەیە و لە ساڵی (٢٠٢٢) دا بەتیراژی (١٠٠٠) دانە لە چاپخانەی کارۆ چاپ کراوە، کە (٢٦) ئۆپەرێتی پەروەردەیی لە خۆگرتووە، لەلاپەڕە (٤)دا نووسراوە: (لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان).

هەر نۆ بەرهەمەکەی دی پێش کۆچی دوایی شاعیر چاپ کراون، بەڵام کتێبی (خەندەی ژینگە)، دوو ساڵ دوای کۆچی دوایی شاعیر «م. عوسمان محەمەد هەورامی» چاپ کراوە.

لە بواری ئەدەبی منداڵاندا کەمتر ئۆپەرێت نووسراوە، بەڵام «م. عوسمان محمەد هەورامی» تاڕادەیەکی باش ئاوڕی لێ داوەتەوە و لە زۆربەی کتێبەکانیدا ئۆپەرێت دەکەوێتە پێش چاو.

**(خونچەی ئۆپەرێت)**
**ئازیزەکەم، چەپکەکەم**
**سەراپا ئۆپەرێتە**
**وەکوو شنەبای سەردەم**
**پێشوازی سەرەڕێتە،**
**ئۆپەرێتمان ڕەنگینە**
**گەلێک خۆش و شیرینە**
**جووڵەی زۆر جوان و گەشە**
**چریکەی لووتکەی سەرکەشە،**
**لەگەڵ دەستەی هاوڕێیان**
**هاوڕازانی دڵ و گیان**
**کە ئۆپەرێت ئەنوێنن**
**گوڵخونچەی خەمڕەوێنن... ل (١٠)**

## چەند پەیڤێک لەبارەی عوسمان محەمەد هەورامی

دیارە بەر لەوەی عوسمان محەمەد هەورامی، شیعر بۆ منداڵان بنووسێ، کەسانێکی دیکە هەبوون لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا ئاوڕیان لەو بوارە داوەتەوە و کۆمەڵێک بەرهەمیان پێشکەش کردووە.

مامۆستا ئازاد عەبدولواحید، لە کتێبی (عوسمان محەمەد هەورامی هەڵکەوتوویەک لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا)، کە (٢٣٧) لەپەڕەیە، هەڤپەیڤینێکی فراوانی لەگەڵ کردووە و لێی پرسیوە: (لە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆت شیعرت نووسیوە و سوودت لێ وەرگرتوون؟)

عوسمان محەمەد هەورامی، دەڵێ: ((بەڵێ لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی پێش خۆم، زێوەر، گۆران، فایەق بێکەس و هی تریش، کە ئەو هۆنراوانەیان داناوە، هەڵبەت ئەوان ئەوەندە دەرفەتیان نەبووە، هەرچەند پێشەنگ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بواریان نەبووە و نەیانتوانیوە بەرهەمێکی زۆر بۆ منداڵ بەرهەم بێنن، چونکە دەورەکەیان، ماوە مێژوویەکەیان وابووە، ئەمانە کاریان تێ کردم. دواتر مامۆستا عەلی شەونم، کە تێکەڵیم لەگەڵ کرد، هەروەها مامۆستایان عومەری عەبدولڕەحیم و فەرەیدوون عەلی ئەمین، کاریگەریی ئەوانم لەسەر بوو)).

وەک زۆربەی شارەزایان دەڵێن: نووسین بۆ منداڵان ئەوەندە ئاسان نییە، بۆیە کەسی لێزان و شارەزای خۆی دەوێ، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی ئازاد عەبدولواحید، دەڵێ: ((چالاکییەک لە یەکێک لە باخچەکانی سلێمانیدا هەبوو، وتیان مامۆستا تۆش وەرە و میوانمان هەیە، وەزیری (ڕۆشنبیری)ش ئەو دەم شێرکۆ بێکەس بوو. وتم شێرکۆ بێکەس مایەی شانازییە و ڕەفیقی خۆمە، لە زووەوە نەمدیوە، حەز دەکەم بە دیداری بگەم، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم بێم، چونکە ئیمتیحانم هەیە، وتیان بەرهەمەکانی تۆ پێشکەش دەکەین. پاش هەفتەیەک ڕۆیشتم وتم دەی بەخێر ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو بووبێتن. وتی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام شێرکۆ بێکەس تێبینییەکی دا، لە کاتی ڕۆیشتندا هەڵوێستەیەکی

کـرد، کـە بەڕێمـان کـرد وتـی ئێمـە کـە هاتیـن بـە هۆنراوەیەکـی جـوان منداڵـەکان پێشـوازییان لـێ کردیـن، لەنێـو هۆڵەکـەدا چالاکییەکانمـان دی، چـالاک و جـوان و زۆر بەدڵمـان بـوو، ئـەی بـۆ بەڕێکردنـی میـوان بـۆ هیچتـان بـۆ نەوتیـن؟ وتـی منیـش وتـم هـەروەک ئـاگاداری، ئـەو هۆنراوانـە عوسـمان هەورامـی بـۆی نووسـیوین، دە تـکات لـێ دەکەیـن تـۆش بەڕێکردنـی میوانمـان بـۆ بنووسـە. وتـی مـن دەرەقەتـی دنیـای منـداڵ نایـەم، هـەر داوا لـە مامۆسـتا عوسـمان هەورامـی خـۆی بکـەن بـا ئەوەشـتان بـۆ بنووسـێت. منیـش وتـم ئـا ئەوەیـە هەڵوێسـتی ڕاسـت و دروسـتی ئینسـانی ڕاسـتگۆ)).

## ئەنجامگیری و وتەی کۆتایی

- عوسـمان محەمـەد هەورامـی، لـە سـاڵی ١٩٤٠ لـە شـارۆچکەی تەوێڵـە لـە دایکبـووە.
- لـە ڕێککەوتـی ١٥ی ١ی ٢٠٢٠، لـە شـاری سـلێمانی، کۆچـی دوایـی کـردووە.
- یەکـەم بەرهەمـی بـۆ منـداڵان، بەنـاوی (شـاهۆ)، کـە هۆنـراوەی پەروەردەیییـە، لـە سـاڵی (١٩٧٠) چـاپ کـردووە.
- بـە زاراوەکانـی کـوردی (سـۆرانی، هەورامـی) شـیعری بـۆ منـداڵان نووسـیوە.
- کـە باسـی مێـژووی ئەدەبـی منـداڵان بکـرێ، پێویسـتە باسـی خزمەتـی م. عوسـمان محەمـەد هەورامـی و بەرهەمـی قەڵەمەکـەی بکـرێ.

- خاتـوو «نیـان عوسـمان هەورامـی» زۆربـەی وێنەکانی کێشاوە و م. عوسمان محەمەد هەورامی، وەک (بەهرەمەنـد و هونەرمەنـد) ئاماژەی بەنـاوی کچەکـەی کـردووە، کـە وێنـەی بـۆ کتێبەکانـی کێشـاوە.

- لـەو (دە) کتێبەکـەدا چەنـد هۆنراوەیـەک لـە چەنـد کتێبێـک دووبـارە کراونەتـەوە.
- لـە زۆربـەی کتێبـەکان مەبەسـتی پەروەردەیـی و فێرکـردن، خۆشەویسـتیی خـاک و نیشـتمان، گرنگیـی زمـان و کولتـووری نەتەوەیـی، نـاوی کـورد و کوردسـتان، ژینگـە و سروشـت، گـوڵ و گوڵـزار... تـاد، دەبینرێـن.
- ئاوڕدانـەوە لـەو (دە) کتێبـەی «م. عوسـمان محەمـەد هەورامـی»، ناسـاندنی بەرهەمەکانیەتـی بـە خوێنەرانـی ئارەزوومەنـدی ئەدەبـی منـداڵان.
- بـە دیدێکـی ڕەخنەگرانـە تەماشـای ئـەو (دە) کتێبەمـان نەکـردووە، تەنیـا مەبەسـتمان خوێندنەوەیەکـی خێـرا بـووە بـۆ ئـەو دە کتێبـەی تایبـەت بـە منداڵانـن.

سەرچاوەکان:


١- مافە گەشەکانم، ساڵی ٢٠٠٣
٢- شنەی شادی، ساڵی ٢٠٠٤
٣- خونچە گوڵ، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٨
٤- لالەزار.
٥- گوڵبژێرێـک هۆنـراوەی پەروەردەیـی بـۆ باخچەکانـی سـاوایان، سـاڵی ٢٠٠٨
٦- گوڵزاری پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٩
٧- ئاسۆی گەش، ساڵی ٢٠٠٩
٨- چریکە، ساڵی ٢٠١٠
٩- گەشە، ساڵی ٢٠١١
١٠- خەندەی ژینگە، ساڵی ٢٠٢٢
١١- عوسـمان محەمـەد هەورامـی هەڵکەوتوویەک لـە نـاو ئەدەبیاتـی کوردیـدا، هەڤپەیڤیـن: ئـازاد عەبدولواحیـد، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٢٢.